# کەس براوەنییە چونکە هەڵەبجە هێشتا هەر دڵشکاوە



**عومەر محەمەد**

هەمووومان شاهیدی کارەساتی مەرگ باری شاری هەڵەبجەین, ئەوهەڵەبجەیەی بووە برینێکی سارێژ نەبوو بەجەستەی کوردەوە, کە بە پێش چاوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خرایە جەستەمان, بەهاوکاریی ویارمەتیدانی وڵاتە پێشکەوتووەکان وکۆمپانیا قازانج پەرستەکانیان لەساڵی 1988دا, ئێمە کراینە پێخۆری هارترین رژێمی سیاسی عەرەبی, رژێمێکی تاسەر درۆزن وچەواشەکار, رژێمێك دروشمی سوسیالیزمی بەخەڵك دەفرۆشتەوەو لەسەر ئاڵاکەشی (اللەاکبری) نوسیبوو, بەکوردستانی دەوت: (بەهەشتی خواوەند لەسەر زەوی) بەڵام نەك هەربەهەشت بەڵکو ئینسانەکانیشی بەچەکی کیمیایی وئاگری شۆڤێنیزم هەڵقرچاند. لەبۆنەکاندا منداڵانی ماچ دەکردو سەدان منداڵی وەك (هودا )شی بەخت رەشکرد, کەچی ئەمرۆ لەپاش روخانی ئەو رژێمەش هەزاران بەڵێنی بێبناغە دەرخواردی کورد دەدرێ و رۆژانە بەناوی دیموکراسییەوە چاوبەستە لە مافەکانی دەکرێ, دەیان و بگرە سەدان بەرپرسی گەورەو رێکخراوی بەناو ئینسانی هاتوچوی هەڵەبجەیان کردووە یان هاتوو چۆی دەکەن, لەوێدا شەکری سەیرو سەمەرەی تێدا دەشکێنرێ, هەموو ساڵێك یادی 3/16 پارەیەکی خەیاڵی هەڵدەلوشێ بێئەوەی برینی هەڵەبجەییەکان سارێژ بکەن. رۆشنبیرە درۆزنەکان گەمە بەووشەوە دەکەن وبێباکن لەو ژیانە تاڵەی هەڵەبجەییەکان, من تێناگەم ئەوانەی بانگەشەی مرۆڤایەتی دەکەن و دەچنە هەڵەبجەو بەرکەوتوانی کیمیاباران دەبینن, یان بریندارەکانیان تەماشادەکەن چۆن شەرم ناکەن لەوەی ئینسان گەلێکی وەك هودا فەرامۆش دەکەن, (هودافازڵ) ناوی ئەوکچەیە کە هێشتا خۆی چاوەی بەدنیا هەڵنەهێنابوو کە دایکی لە3/16ی ساڵی 1988دا بەرهێرشی نامرۆڤانەی چەکی کیمیاوی بەعسییەکان دەکەوێت ونابینا دەبێت, ئەو هێشتا هەڵەبجەی نەدیبوو تەنها لەبەرئەوەی خەڵقندەیەکی هەڵەبجەیی بوو بەر هێرشی دڵرەقانەی چەکی کیمیایی بەعسیەکان دەکەوێت, ئیستاش لەپاش ئەوعەیامە هەڵەبجە پڕپڕە لە کارەسات پڕپڕە لەهاوشێوەی هودا, راستە ئەوئێستا کچێکی تەمەن 17ساڵی ورەبەرزە, بەڵام گرنگ ئەوەیە ئینسانیەت لەبەرانبەریدا نەفس نزم نەبێت, ئەو بەتەواوی کاریگەری چەکی کیمیاوی بە جەستەیەوە دیارە روخساری بەجۆرێك شێواوە ئازارێکی دەروونی گەورەی بۆ پێکهێناوە, بە ووتەی خۆی تا ئەمرۆ نەشتەرگەری لە ژمارەنەهاتووی جوانکاری ئەنجامداوە, بەڵام بێسوود بووە, هەروەك هودا خۆی دەڵێت : هەموو کەسێکی بێویژدان خۆیمان پێوە هەڵدەکێشێ و کەسێکیش نییە خەمخۆری راستە قینەمان بێت, دەی فەرموون رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ, وەزارەتەکانی تەندروستی حکومەتەکانی هەرێمی کورددووستان, ئاوڕێك لەم مرۆڤ گەلەبدەنەوە کە پێیان دەوترێت هەلەبجەیی, ئەومرۆڤانەی وەرس بوون هێندەی وێنەیان بگیرێت و بخرێنەچاوەڕوانی بەڵێنە بێسنورەکانەوە ئەو بەڵێنانەی روخساریان جوانەو خۆیان ناشرین. هەتا ((هوداکان)) دڵ شکاوبن پێمولیە هەموومان شکاوین, هەموومان دۆڕاوین.